٣٧	أَيْنَ مَا كُنتُمْ	ئه‌و هاوبه‌ش و بتانه له كوێن، كه كردبوتانه په‌رستراو.
٣٨	ادَّارَكُوا فِيهَا	چوونه ناو ئاگرى دۆزه‌خه‌وه.
٣٨	أُخْرَاهُمْ	شوێنكه‌وتوانيان.
٣٨	لأُولاهُمْ	به سه‌رۆكه‌كانيان.
٣٨	عَذَاباً ضِعْفاً	عه‌زابێكى دوو چه‌ندانه.
٤٠	يَلِجَ الْجَمَلُ	حوشتر بچێته ناوه‌وه.
٤٠	سَمِّ الْخِيَاطِ	كونى ده‌رزى.
٤١	مِهَادٌ	ڕايه‌خ.
٤١	غَوَاشٍ	په‌رده.

ژ	وشــە	مـانـاکـەی
٤٣	غِلّ	ڕق و قینه.
٤٤	فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ	بانگ بێژێك بانگیكرد.
٤٥	وَيَبْغُونَهَا عِوَجاً	به خــوار و خێچیان دەوێ.
٤٦	وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ	له نێوانیاندا پەردە و شورەیەك هەیە.
٤٦	الأَعْرَافِ	سەری سەرەوەی پەردە و شورەکەیە.
٤٦	بِسِيمَاهُمْ	به نیشانەکانیان.
٥٠	أَفِيضُوا عَلَيْنَا	بەسەرماندا بڕژێنن.
٥١	وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا	ژیانی دنیا فیڵی لێکردوون.
٥١	نَنسَاهُمْ	له بیریان دەکەین.
٥١	وَمَا كَانُوا	هەروەك، کە ئەوان.
٥٣	تَأْوِيلَهُ	ئەنـجامی بەڵێنی قورئان.
٥٤	اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ	لەسەر عەرشەکەی بەرز بۆتەوە.
٥٤	يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ	شەوو ڕۆژ دادەپۆشێ.
٥٤	يَطْلُبُهُ حَثِيثاً	هەر یەکێ له شەوو ڕۆژ بەخێرایی بەدوای یەکەوەن.
٥٤	لَهُ الْخَلْقُ	بەدیهێنان هەر بۆ ئەوە.
٥٤	وَالأَمْرُ	فەرمانیش بۆ ئەوە.
٥٤	تَبَارَكَ اللَّهُ	خــوا بەرزتر و پاکترە لەوەی کەم و کورتی هەبێت.
٥٥	ادْعُوا رَبَّكُمْ	له پەروەردگارتان بپاڕێنەوە.
٥٥	تَضَرُّعاً	به زەبوونیی.
٥٥	وَخُفْيَةً	به نهێنیی و له دڵی خۆدا.
٥٦	رَحْمَةَ اللَّهِ	به زەیی خــوا.
٥٧	أَقَلَّتْ سَحَاباً	با هەورەکە هەڵبگرێ.

ژ	وشــــە	مـانـاکـەی
٥٧	ثِقَالاً	قورس بە باران.
٥٧	لِبَلَدٍ مَيِّتٍ	شارێکی زەوی وشك.
٥٨	نَكِداً	بێسوود .
٦٠	قَالَ الْمَلأُ	گەورە پیاوانیان گوتیان.
٦٢	وَأنصَحُ لَكُمْ	ئامۆژگاریتان دەکەم.
٦٤	قَوْماً عَمِينَ	قەومێکی کوێرن لە ئاست حەق.
٦٦	سَفَاهَةٍ	کەم ئەقڵ.
٦٩	بَسْطَةً	جەستەی بەهێز.
٦٩	آلاءَ اللَّهِ	نیعمەتی زۆری خـــوا .
٧١	رِجْسٌ	عەزاب.
٧١	وَغَضَبٌ	توڕەییش.
٧٢	وَقَطَعْنَا دَابِرَ	هەموویانــمان لەناو برد .
٧٣	نَاقَةُ اللَّهِ	حـوشتری خـــوا .
٧٤	وَبَوَّأَكُمْ	نیشتەجێی کردن.
٧٤	وَلا تَعْثَوْا	خراپە و گەندەڵی مەکەن.
٧٧	وَعَتَوْا	خۆیان بە گەورە زانی.
٧٨	الرَّجْفَةُ	بومەلەرزەی توند .
٧٨	جَاثِمِينَ	لەسەر چۆك و ڕوخساریانەوە بە زەوی نووسابوون.
٨٢	يَتَطَهَّرُونَ	خۆیان پاك ڕادەگرن.
٨٣	الْغَابِرِينَ	لە عەزاب دەمێننەوە.
٨٥	وَلا تَبْخَسُوا	کەمی مەکەنەوە.
٨٦	صِرَاطٍ	ڕێگا .
٨٩	رَبَّنَا افْتَحْ	پەروەردگارا! حوکم و بڕیار بدە.
٩٢	لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا	تێیدا نەژیاون.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
٩٣	آسَى	خەمبار دەبم.
٩٤	بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ	بەنەخۆشیی و فەقیریی.
٩٥	بَغْتَةً	لەناکاو.
٩٦	لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ	دەرگاکانی خێرمان لێدەکردنەوە.
٩٧	يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا	عەزابی ئێمەیان بۆ بێت.
٩٩	مَكْرَ اللَّهِ	پیلانی خـــوا.
١٠٠	أَوَلَمْ يَهْدِ	ئەوە ڕوون نەبۆتەوە.
١٠٠	أَنْ لَوْ نَشَاءُ أَصَبْنَاهُمْ	گەر بـمانەوێ تووشی سزایان دەکەین.
١٠٠	وَنَطْبَعُ	مۆر دەدەین.
١٠٢	مِنْ عَهْدٍ	لە وەفا بە پەیـمان.
١٠٣	فَظَلَمُوا بِهَا	لەبەر زوڵمیان، بڕوایان پێنەهێنا.
١٠٥	حَقِيقٌ عَلَى أَنْ	شایەنی ئەوەیە، کە لەسەر.
١٠٧	مُبِينٌ	بە ئاشکرا و بەرچاو.
١٠٨	وَنَزَعَ يَدَهُ	دەستی دەرهێنا.
١٠٨	بَيْضَاءُ	سپی وەك شیـر.
١٠٩	الْمَلأُ	پیاو ماقوڵان.
١١١	أَرْجِهِ وَأَخَاهُ	خۆی و براکەی دوا بـخە.
١١١	حَاشِرِينَ	کۆ ببنەوە.
١١٦	سَحَرُوا أَعْيُنَ النَّاسِ	فێڵ و جادوویان لە چاوی خەڵك کرد.
١١٦	وَاسْتَرْهَبُوهُمْ	ترساندنیانن.
١١٧	تَلْقَفُ	قوتی دەدات.

ژ	وشــە	مـانـاكـەى
١١٧	مَا يَأْفِكُونَ	ئەو درۆيەى هەڵیاندا.
١١٨	فَوَقَعَ الْحَقُّ	حەق بەدەركەوت.
١٢٦	وَمَا تَنقِمُ مِنَّا	ئەوەى تۆ عەيبمان لێدەگرى.
١٢٦	أَفْرِغْ عَلَيْنَا	بەسەرماندا برێژە.
١٢٧	وَنَسْتَحْيِ نِسَاءَهُمْ	ئافرەتەكانيان دەهێڵينەوە.
١٣٠	بِالسِّنِينَ	بەوشكە ساڵيى و قات و قڕيى.
١٣١	يَطَّيَّرُوا	ڕەشبين دەبن.
١٣١	طَائِرُهُمْ عِنْدَ اللَّهِ	ئەوەى توشيان دەبێ، بە قەزا و قەدەرى خــوايە.
١٣٣	الطُّوفَانَ	لافاو.
١٣٣	وَالْقُمَّلَ	ئەسپێ.
١٣٥	يَنكُثُونَ	هەڵيدەوەشێننەوە.
١٣٧	وَدَمَّرْنَا	كاولــمـانكرد.
١٣٧	يَعْرِشُونَ	خانوو كۆشكيان درووستدەكرد.
١٣٩	مُتَبَّرٌ مَا	لەناو دەچن.
١٤٠	أَبْغِيكُمْ إِلَهاً	داواى پەرستراوێك بۆ ئێوە بكەم.
١٤١	بَلاءٌ	تاقيكردنەوەيەكە.
١٤٣	تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ	پەروەردگارى خۆى بۆ چياكە نيشاندا.
١٤٣	دَكّاً	ورد و خاش.
١٤٣	سُبْحَانَكَ	پاكيى و بێگەرديى بۆ تۆ.
١٤٥	الأَلْوَاحِ	تەختەكانى تەورات (تابلۆكان).
١٤٦	سَبِيلَ الرُّشْدِ	ڕێگاى چاكە.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١٤٦	سَبِيلَ الغَيِّ	ڕێگای گومڕایی.
١٤٧	حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ	کردەوەکانیان پوچەڵ بۆتەوە.
١٤٨	عِجْلاً جَسَداً	گوێرەکەیەك بە جەستەیەکی بێ گیان.
١٤٨	لَهُ خُـــوارٌ	دەنگێکی لێدەردەچێ.
١٤٩	سُقِطَ فِي أَيْدِيهِمْ	پەشیمانبوونەوە.
١٥٠	أَسِفاً	بە غەمبارییەوە.
١٥٠	أَعَجِلْتُمْ	ئەوە پەلەتانکرد.
١٥٠	فَلا تُشْمِتْ	پێم خۆش مەکە.
١٥٤	سَكَتَ	هێمن بۆوە.
١٥٥	أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ	بومەلەرزەیەکی توند لێی دان.
١٥٥	فِتْنَتُكَ	تاقیکردنەوەیەکتە.
١٥٦	هُدْنَا إِلَيْكَ	بە پەشیمانییەوە بۆ لای تۆ گەڕاینەوە.
١٥٧	إِصْرَهُمْ وَالأَغْلالَ	کارە قورس و زەحمەتەکانیان، کە ئەرك بوو بەسەریانەوە.
١٥٧	وَعَزَّرُوهُ	بە گەورەیانگرتن.
١٥٩	وَبِهِ يَعْدِلُونَ	بە حەق دادگەریی دەکەن.
١٦٠	أَسْبَاطاً	چەند هۆزێك.
١٦٠	فَانْبَجَسَتْ	هەڵقوڵیی و تەقییەوە.
١٦٠	مَشْرَبَهُمْ	شوێنی ئاوخـــواردنەوەیان.
١٦٠	الْغَمَامَ	هەور.
١٦٠	الْمَنَّ	گەزۆ.

ژ	وشـــه	مـانـاكـەی
١٦٠	وَالسَّلْوَى	باڵندەی شەلاقە.
١٦١	وَقُولُوا حِطَّةٌ	بڵێین: گوناهەکانـمان بسڕەوە.
١٦٢	حَاضِرَةَ الْبَحْرِ	نزیك دەریاكەوە.
١٦٣	يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ	لە ڕۆژی شەمـمە دەستدرێژیی دەكەن.
١٦٣	يَوْمَ سَبْتِهِمْ	ڕۆژی شەمـمەیان بە گەورە بگرن.*
١٦٣	شُرَّعاً	سەرئاو دەكەوتن.
١٦٤	مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ	لە بارەی ئەوانەوە عوزرێكمان هەبێ لە لای پەروەردگارتان.
١٦٥	بِعَذَابٍ بَئِيسٍ	عەزابێكی بە ئێش و ژان.
١٦٦	عَتَوْا	یاخیی بوون.
١٦٦	قِرَدَةً خَاسِئِينَ	مەیـمونی دەركراوو ترۆ كراو.
١٦٧	يَسُومُهُمْ	پێیان بچێژێ.
١٦٨	وَبَلَوْنَاهُمْ	تاقیمانكردنەوە.
١٦٩	وَدَرَسُوا مَا فِيهِ	ئەوەی تێیدا بوو فێری بوون.
١٦٩	خَلْفٌ	جێگرەوەی خراپ.
١٧١	نَتَقْنَا الْجَبَلَ	چیاكەمان بەرز كردەوە.
١٧١	كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ	وەك هەورێكە.
١٧٥	فَانسَلَخَ مِنْهَا	پاشان بێبڕوا بوو پێی.
١٧٥	فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ	شەیتان سواری ملی بوو.
١٧٥	الْغَاوِينَ	لە گومڕایانی تیاچوو.
١٧٦	أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ	مەیلیدا بە دنیا.

ژ	وشــــە	مـانـاکـەی
١٧٦	تَحْمِلْ عَلَيْهِ	دەری بکەی.
١٧٦	يَلْهَثْ	زمانی دەردێنی.
١٧٩	ذَرَأْنَا	درووستمانکردووە.
١٨٠	يُلْحِدُونَ	بە زیاد و کەمەوە دەیگۆڕن.
١٨٢	سَنَسْتَدْرِجُهُمْ	دەیانـخـافڵێنین و ڕایاندەکێشین بەرەو.
١٨٣	وَأُمْلِي لَهُمْ	ماوەیان پێدەدەم.
١٨٤	جِنَّةٍ	شێتایەتیی.
١٨٥	مَلَكُوتِ	موڵکی گەورە.
١٨٦	طُغْيَانِهِمْ	کوفر و بێبڕواییان.
١٨٦	يَعْمَهُونَ	سەرگەردان و دوودڵ دەبن.
١٨٧	أَيَّانَ مُرْسَاهَا	کەی قیامەت هەڵدەستێ.
١٨٧	لا يُجَلِّيهَا	بە دەری ناخات.
١٨٧	ثَقُلَتْ	زەحمەت و گرانە.
١٨٧	حَفِيٌّ عَنْهَا	زانینت پێی هەیە.
١٨٩	تَغَشَّاهَا	لەگەڵی جووت بوو.
١٨٩	فَمَرَّتْ بِهِ	بەم سکەوە هەڵدەستا و دادەنیشت.
١٨٩	أَثْقَلَتْ	سکەکە قورس بوو.
١٨٩	صَالِحاً	مرۆڤێکی چاك.
١٩٠	جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء	هاوبەشیان بۆ خــوا پەیدا کرد.
١٩٠	عَمَّا يُشْرِكُونَ	لەوەی، کە هاوبەش پەیدا دەکەن.
١٩٣	أَنتُمْ صَامِتُونَ	ئێوە بێدەنگن.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١٩٥	فَلَا تُنظِرُونِ	دوام مەخەن.
١٩٨	لا يُبْصِرُونَ	نابینن.
١٩٩	وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ	فەرمان بە هەموو وتەیەکی باش و کردەوەیەکی جوان بکە.
٢٠٠	يَنزَغَنَّكَ	توشبووی.
٢٠٠	نَزْغٌ	خوتـخوتە و وەسوەسە.
٢٠١	مَسَّهُمْ طَائِفٌ	تووشی خوتـخوتەیەك بوون.
٢٠١	تَذَكَّرُوا	بیریان دێتەوە.
٢٠٢	يَمُدُّونَهُمْ فِي الغَيِّ	لە گومڕاییدا یارمەتیان دەدەن.
٢٠٢	لا يُقْصِرُونَ	واز ناهێنن.
٢٠٣	اجْتَبَيْتَهَا	هەڵتبەستبایە.
٢٠٣	هَذَا بَصَائِرُ	ئەم قورئانە بەڵگە و نیشانەیە.
٢٠٥	تَضَرُّعاً	ملکەچیی و خۆ بە کەم زانیی.
٢٠٥	وَخِيفَةً	ترس و لەرزەوە.
٢٠٥	بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ	بە بەیانیان و ئێواران.
٢٠٦	وَلَهُ يَسْجُدُونَ	هەر بۆ خـــوا سوجدە دەبەن.

(٨)سووڕەتی ئەنفـال(٧٥) ئایەتە

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١	الأَنْفَالُ	دەستکەوتەکانی ڕۆژی (بەدر).
١	لِلَّهِ وَالرَّسُولِ	بۆ خـــوا و پێغەمبەرەکەی دەگەڕێتەوە.
١	ذَاتَ بَيْنِكُمْ	حاڵی نێوانتان.
٢	وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ	دڵیان ڕادەتڵەکێ و دەترسێ.
٢	يَتَوَكَّلُونَ	پشت بە خـــوا دەبەستن.
٣	يُقِيمُونَ الصَّلاةَ	نوێژەکان بە بەردەوامیی لە کاتی خۆیدا دەکەن.
٧	الطَّائِفَتَيْنِ	دوو کۆمەڵەکە.
٧	ذَاتِ الشَّوْكَةِ	بە جەنگەوە.
٧	دَابِرَ الْكَافِرِينَ	هەموو کافرەکان.
٩	مُرْدِفِينَ	یەك بە دوای یەك.
١١	يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ	خەوەنوچکەی بەسەرداهێنان (بۆرژان).
١١	أَمَنَةً مِنْهُ	دڵنیاییەك لەوەوە.
١١	رِجْزَ الشَّيْطَانِ	خوتــخوتەی شەیتان.
١١	وَلِيَرْبِطَ	با پتەو و بەهێزی بکات.
١٢	أَنِّي مَعَكُمْ	من لەگەڵتانم.
١٢	الرُّعْبَ	ترسی زۆر.
١٢	كُلَّ بَنَانٍ	هەموو سەرەپەنـجەیەك.
١٣	شَاقُّوا	پێچەوانەیانکرد.
١٥	زَحْفاً	نزیکبوو لێتان.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١٦	مُتَحَرِّفاً	بۆ فێڵێك سوڕانەوە.
١٦	مُتَحَيِّزاً إِلَى فِئَةٍ	پاڵدەنە لای كۆمەڵێك.
١٦	بَاءَ بِغَضَبٍ	شایستەی توڕەبوونێكی خــوایە.
١٧	وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ	بۆ ئەوەی خــوا بڕواداران تاقیبكاتەوە.
١٨	مُوهِنُ	لاواز دەكات.
١٩	تَسْتَفْتِحُوا	داوا لە خـــوا بكەن عەزاب بەسەر دەستدرێژیكەران بێت.
٢٠	وَلا تَوَلَّوْا عَنْهُ	واز لە تاعەتی خـــوا و پێغەمبەرەكەی مەهێنن.
٢٢	شَرَّ الدَّوَابِّ	خراپتــرین ئەوەی لەسەر زەوی دەڕوات.
٢٤	يُحْيِيكُمْ	دەتانـژیێــنێتەوە.
٢٦	يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ	خەڵك بتانفڕێنن.
٢٨	فِتْنَةٌ	تاقیكردنەوەیەكە.
٢٩	فُرْقَاناً	جیاكەرەوەیەك.
٣٠	لِيُثْبِتُوكَ	بۆ ئەوەی حەپست بكەن.
٣٠	وَيَمْكُرُ اللَّهُ	خــواش پیلان دادەنێت.
٣١	أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ	قسەی درۆینی پێشینانە.
٣٥	مُكَاءً وَتَصْدِيَةً	بە فیكە و چەپڵە لێدان.
٣٦	حَسْرَةً	پەشیمانیی.
٣٧	فَيَرْكُمَهُ جَمِيعاً	هەمووی كەڵەكە بكات.
٣٨	سُنَّةُ الأَوَّلِينَ	ڕێ و شوێنی پێشینان.
٣٩	فِتْنَةٌ	هاوبەش پەیدا كردن بۆ خــوا.
٤٠	مَوْلاكُمْ	یارمەتیدەرتانە.

ژ	وشــه	مـانـاکـەی
٤١	يَوْمَ الْفُرْقَانِ	ڕۆژی (بەدر)، کە حەق و ناحەقی لە یەك جیا کردەوە.
٤٢	بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا	لە دۆڵی نزیك مەدینە.
٤٢	وَالرَّكْبُ	کاروانە بازرگانییەکەش.
٤٣	لَفَشِلْتُمْ	ئەوا ترسنۆك دەبوون.
٤٦	وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ	هێزتان نامێنێ.
٤٧	بَطَراً	خۆ بە گەورە زانی.
٤٨	وَإِنِّي جَارٌ لَكُمْ	من پشتیوانیتان دەکەم.
٤٨	نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ	بەرەو دواوە گەڕایەوە.
٥٠	وَلَوْ تَرَى	گەر دەبینی.
٥٢	كَدَأْبِ	نــموونەی وەك.
٥٤	فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ	بە هۆی گوناهەکانیانەوە لە ناومان بــــردن.
٥٦	يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ	پەیــمانەکەیان دەشکێنن.
٥٧	تَثْقَفَنَّهُمْ	عەزابێکیان بەسەر بێنە.
٥٧	فَشَرِّدْ بِهِمْ	کۆبوونەوەیان پەرت و بڵاو بکەوە.
٥٨	فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ	بۆیان هەڵدەوە.
٥٨	عَلَى سَوَاءٍ	هەردوو لا وەك یەك بزانن.
٥٩	سَبَقُوا	ڕزگاریان بووە.
٥٩	لا يُعْجِزُونَ	ڕزگاریان نابێ.
٦١	جَنَحُوا لِلسَّلْمِ	ئارەزووی ئاشتەواییان کرد.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەى
٦٢	حَسْبَكَ اللَّهُ	خـــوات بەسە لە فێڵیان.
٦٣	وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ	دڵیانی بە یەکەوە گرێداوە.
٦٥	حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ	هانی بڕواداران بدە.
٦٧	يُثْخِنَ	زۆریان لێدەکوژێت.
٦٧	عَرَضَ الدُّنْيَا	خۆشیی دنیا.
٧١	فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ	تۆی بەسەر ئەوان سەرخست.
٧٢	آوَوا	حەواندنیانەوە.
٧٣	وَفَسَادٌ كَبِيرٌ	خراپەکارییەکی گەورە.
٧٥	وَأُوْلُوا الأَرْحَامِ	خزمەکان.
٧٥	أَوْلَى	شایستەترن.

(٩)سووڕەتی تەوبە (١٢٩) ئایەتە

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١	بَرَاءَةٌ مِنَ اللَّهِ	ئەمە بەری بوونی خـــوایە.
١	عَاهَدتُّمْ	پەیـــمانتان بەستبوو.
٢	أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ	چوار مانگ.
٢	غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ	لە سزای خـــوا دەرباز نابن.
٣	وَأَذَانٌ	ڕاگەیاندنێکە.
٣	يَوْمَ الْحَجِّ الأَكْبَرِ	ڕۆژی قوربانی سەربڕین.
٤	لَمْ يَنقُصُوكُمْ	ناپاکیان لێنەکردوون.
٤	وَلَمْ يُظَاهِرُوا	یارمەتیان نەداون.
٥	انسَلَخَ الأَشْهُرُ	چوار مانگەکە بەسەر چوو.
٥	وَاحْصُرُوهُمْ	گەمارۆیان بدەن.
٥	كُلَّ مَرْصَدٍ	هەموو ڕێگایەك.
٦	اسْتَجَارَكَ	داوایانکرد بێنە ژێر پەنای تۆ.
٧	فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ	ئەوا چەندە بە وەفا بوون لەبەرامبەر پەیـــمانەکەتان.
٨	يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ	بەسەرتاندا زاڵ بن.
٨	لا يَرْقُبُوا	ڕەچاوی ناکەن.
٨	إِلاًّ	خزمایەتی.
٨	ذِمَّةً	پەیـــمانێك.
١٢	نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ	پەیـــمانیان شکاند.
١٥	غَيْظَ قُلُوبِهِمْ	قینی دڵیان.
١٦	وَلِيجَةً	دۆست.
١٧	حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ	کردەوەکانیان پوچەڵ بۆتەوە.

ژ	وشـــه	مـانـاکـەی
١٩	سِقَايَةَ الْحَاجِّ	ئاودان بە حاجییەکان.
٢٣	اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ	لەسەر کوفرن و دژی ئیسلامن.
٢٤	اقْتَرَفْتُمُوهَا	ئەو پارەی کۆتانکردۆتەوە.
٢٤	كَسَادَهَا	ڕەواجەکەی.
٢٤	فَتَرَبَّصُوا	چاوەڕوان بن.
٢٥	بِمَا رَحُبَتْ	کە فراوانە.
٢٦	سَكِينَتَهُ	ئارامیی خۆی.
٢٨	الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ	هاوبەش پەیداکەران پیسن.
٢٨	خِفْتُمْ عَيْلَةً	لە هەژاریی ترسان.
٢٩	يُعْطُوا الْجِزْيَةَ	سەرانە دەدەن.
٢٩	عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ	بە دەستی خۆیان بە ملکەچیی و زەلیلییەوە دەیدەن.
٣٠	يُضَاهِئُونَ	خۆیان دەچوێنن.
٣٠	أَنَّى يُؤْفَكُونَ	چۆن لا دەدەن؟
٣١	أَحْبَارَهُمْ	زاناکانیان (زاناکانی جولەکە).
٣١	وَرُهْبَانَهُمْ	خـــواپەرستەکانیان.
٣١	أَرْبَاباً	پەروەردگارانێك.
٣٣	لِيُظْهِرَهُ	بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە.
٣٥	فَتُكْوَى بِهَا	پێی داخ دەکرێ.
٣٦	أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ	چواریان حەڕامە.
٣٦	الدِّينُ الْقَيِّمُ	ئایینی ڕاست.
٣٧	النَّسِيءُ	پێش خستن و دوا خستنی چوار مانگە حەڕامەکە.
٣٧	لِيُوَاطِئُوا	بۆ ئەوەی یەك بگرێتەوە.
٣٨	انفِرُوا	دەربچـن.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەی
٣٨	اثَّاقَلْتُمْ	تەمبەڵیی دەكەن.
٤٠	فِي الْغَارِ	لە كونە شاخەكە.
٤٠	لِصَاحِبِهِ	بە هاوڕێیەكەی.
٤١	خِفَافاً وَثِقَالاً	بە گەنج و پیـرەوەو لە خۆشیی و ناخۆشییەوە.
٤٢	عَرَضاً قَرِيباً	دەستكەوتێكی جەنگی نزیك.
٤٢	وَسَفَراً قَاصِداً	دەرچوونێكی ئاسان.
٤٦	انْبِعَاثَهُمْ	دەرچوونیان.
٤٦	فَثَبَّطَهُمْ	لەسەری قورسكردن.
٤٧	خَبَالاً	خراپە و گەندەڵیی.
٤٧	وَلأَوْضَعُوا خِلالَكُمْ	قسە هێنان و بردن و ڕق و قینە لە نێوانتان درووستدەكات.
٤٧	يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ	دەیانەوێ توشی فیتنە و خراپەتان بكەن.
٤٨	وَقَلَّبُوا لَكَ الأُمُورَ	پیلانیان بۆت گێڕا.
٤٩	ائْذَنْ لِي	مۆڵەتم بدە.
٤٩	وَلا تَفْتِنِّي	توشی فیتنە و خراپەم مەكە.
٥٢	هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَا	ئایا چ شتێ لە ئێمە چاوەڕێ دەكەن.
٥٢	الْحُسْنَيَيْنِ	دوو شتە چاكەكە : (شەهیدیی و سەركەوتن).
٥٥	وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ	گیانیان دەردەچێ.
٥٦	قَوْمٌ يَفْرَقُونَ	قەومێكن دەترسن.
٥٧	مَلْجَأً	قەلآیەك.
٥٧	مَغَارَاتٍ	چەند ئەشكەوتێك.
٥٧	مُدَّخَلاً	كونێك لە زەوی.
٥٧	يَجْمَحُونَ	بە پەلە بۆی دەچن.
٥٨	يَلْمِزُكَ	ڕەخنەت لێدەگرن.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەى
٥٩	حَسْبُنَا اللَّهُ	خـــوامان بەسە.
٦٠	وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا	ئەوانەى زەكاتەكە كۆ دەكەنەوە.
٦٠	وَفِي الرِّقَابِ	بۆ ئازاد كردنى گەردن و كۆيلەكان.
٦٠	وَالْغَارِمِينَ	قەرزاران.
٦٠	وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ	لە ڕێى خـــوا.
٦٠	وَابْنِ السَّبِيلِ	ڕێبوار.
٦١	هُوَ أُذُنٌ	ئەو گوێ لە هەموو قسەيەك دەگرێ و بڕواى پێدەكات.
٦١	أُذُنُ خَيْرٍ لَكُمْ	گوێ لە هەموو قسەيەكى خێر و چاك دەگرێ.
٦٣	مَنْ يُحَادِدِ اللَّهَ	هەر كەسێ دژايەتيى خـــوا بكات.
٦٥	كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ	مەبەستمان سوعبەت بوو.
٦٧	وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ	دەستيان دەنوقێنن(ڕەزيلن).
٦٧	فَنَسِيَهُمْ	ئەوانى لە بيـركرد.
٦٨	هِيَ حَسْبُهُمْ	ئەميش بۆ ئەوان بەسە.
٦٩	فَاسْتَمْتَعُوا بِخَلَاقِهِمْ	بە بەشى خۆشى خۆيان ڕايان بوارد.
٦٩	وَخُضْتُمْ	ڕۆچوون لە درۆ كردندا.
٧٠	وَالْمُؤْتَفِكَاتِ	ئەوانەى پێغەمبەران بەدرۆ دەزانن.
٧٣	وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ	لەسەريان توندبە.
٧٤	وَمَا نَقَمُوا	شتێ نەبوو ڕەخنە و عەيبى لێبگرن.
٧٦	بَخِلُوا	ڕەزيليانكرد.
٧٨	وَنَجْوَاهُمْ	ئەو فێڵانەى لە كۆڕەكانياندا باسى دەكەن.
٧٨	يَعْلَمُ سِرَّهُمْ	دەزانێ بەوەى ئەوان لە دڵيان دەيشارنەوە.
٧٩	الَّذِينَ يَلْمِزُونَ	ئەوانەى عەيب دەگرن.
٧٩	جُهْدَهُمْ	تواناييان.
٧٩	سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ	خـــوا گاڵتەيان پێدەكات.

ز	وشـــە	مـانـاکـەی
٨١	لا تَنفِرُوا	دەرمەچـــوون.
٨٣	الْخَالِفِينَ	دوا کەوتوان لە جیهاد.
٨٦	أُوْلُوا الطَّوْلِ مِنْهُمْ	دەست ڕۆیشتوانیان.
٨٧	الْخَـــوَالِفِ	دانیشتوان لە جیهاد.
٨٨	وَطُبِعَ	مۆری لەسەردا.
٩٠	الْمُعَذِّرُونَ	ئەوانەی عوزر و بەهانەیان هێنایەوە.
٩١	حَرَجٌ	گوناه.
٩٢	تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ	فرمێسک دەڕژێنێ.
٩٣	إِنَّمَا السَّبِيلُ	گوناهو سەرزەنشت.
٩٥	إِنَّهُمْ رِجْسٌ	ئەوانە ناخیان پیسە.
٩٧	وَأَجْدَرُ	شایستە ترن.
٩٨	مَغْرَماً	غەرامە و زیان.
٩٨	وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ الدَّوَائِرَ	ئەوان چاوەڕوانی تووشبوون بەڕووداوی ناخۆشتان لێدەکەن.
٩٨	عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ	خراپە و ناخۆشیی بەسەرخۆیان دەکەوێ.
٩٩	وَصَلَوَاتِ الرَّسُولِ	دوعاکانی پێغەمبەر.
١٠١	مَرَدُوا عَلَى النِّفَاقِ	لەسەر دووڕوویی بەردەوامبوون.
١٠٣	وَصَلِّ عَلَيْهِمْ	دوعایان بۆ بکە.
١٠٣	سَكَنٌ لَهُمْ	دڵنەواییە بۆیان.
١٠٤	وَيَأْخُذُ الصَّدَقَاتِ	خێر و سەدەقە وەردەگرێت.
١٠٦	مُرْجَوْنَ	دواکەوتن.
١٠٧	مَسْجِداً ضِرَاراً	مزگەوتێك بۆ زیان گەیاندن.
١٠٧	وَإِرْصَاداً	مایەی چاوەڕوانیی.
١٠٨	لَمَسْجِدٌ	مزگەوتێك.

ژ	وشـــه	مـانـاكـه‌ى
١٠٩	عَلَى شَفَا جُرُفٍ	له‌سه‌ر ڕۆخى چالێك.
١٠٩	هَارٍ	ڕووخاو.
١٠٩	فَانْهَارَ بِهِ	ئه‌مه واى لێكرد بكه‌وێت.
١١٠	رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ	گومان له دڵياندا.
١١٠	تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ	دڵيان پارچه ده‌بێت.
١١٢	السَّائِحُونَ	ڕۆژوه‌وانانان.
١١٢	لِحُدُودِ اللَّهِ	بۆ سنووره‌كانى خـــوا.
١١٤	لأَوَّاهٌ	زۆر ملكه‌چه.
١١٧	سَاعَةِ الْعُسْرَةِ	كاتى سه‌غڵه‌تييه‌كه.
١١٧	يَزِيغُ	لابدات.
١١٨	لِيَتُوبُوا	بۆ ئه‌وه‌ى بگه‌ڕێنه‌وه.
١٢٠	وَلا يَرْغَبُوا بِأَنفُسِهِمْ	ڕازى نه‌بان خۆيان بـحه‌سێنه‌وه.
١٢٠	نَصَبٌ	ماندووبوون.
١٢٠	مَخْمَصَةٌ	برسێتيى.
١٢٠	يَغِيظُ الْكُفَّارَ	بێبـڕوايان تووڕه بكه‌ن.
١٢٠	نَيْلاً	كوشتن، يان به‌زين.
١٢٢	لِيَنفِرُوا كَافَّةً	بۆ ئه‌وه‌ى هه‌موويان ده‌ربچن.
١٢٣	غِلْظَةً	توند و تيژيى.
١٢٥	رِجْساً	دوو ڕويى و گومان.
١٢٨	عَزِيزٌ عَلَيْهِ	له‌سه‌رى زه‌حمه‌ته.
١٢٨	مَا عَنِتُّمْ	توشى سه‌غڵه‌تى بن.
١٢٩	حَسْبِيَ اللَّهُ	خـــوام به‌سه.

(١٠)سووڕەتـی یونس (١٠٩) ئایەتە

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١	الْكِتَابِ	قورئان.
١	الْحَكِيمِ	مەحکەم و پتە و نەگۆڕ.
٢	قَدَمَ صِدْقٍ	پاداشتێکی باش.
٣	اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ	بەسەر عەرش بەرز بۆوە.
٤	بِالْقِسْطِ	بە دادگەریی.
٤	حَمِيمٍ	ئاوێکی کولاّو.
٥	وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ	کردویەتی بە چەند جێگە و قۆناغێکی دیاریکراو.
٦	يَتَّقُونَ	دەترسن.
٧	لا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا	حەز بە دیدارمان ناکەن.
١٠	دَعْوَاهُمْ	دوعایان.
١١	لَقُضِيَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ	ئەوا لە ناو دەچوون.
١١	فِي طُغْيَانِهِمْ	لە یاخیبوونیان.
١١	يَعْمَهُونَ	سەرگەردانن.
١٢	الضُّرُّ	سەغڵەتیی و ناخۆشیی.
١٢	دَعَانَا لِجَنْبِهِ	لەسەر لاتەنیشت لێمان دەپاڕێنەوە.
١٢	مَرَّ	بەردەوام دەبێت.
١٣	الْقُرُونَ	ئومـــەتەکان.

ژ	وشـــه	مـانـاكـەى
١٤	جَعَلْنَاكُمْ خَلَائِفَ	ئێوەمانكردە جێنشين.
١٦	وَلَا أَدْرَاكُمْ بِهِ	فێرى نەدەكردن.
١٧	لَا يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ	بە درۆزانانى پێغەمبەران سەركەوتوو ناكات.
١٨	سُبْحَانَهُ	پاكيى و بێگەرديى بۆ ئەو(خـــوا).
١٩	أُمَّةً وَاحِدَةً	يەك دين.
٢٠	إِنَّمَا الْغَيْبُ لِلَّهِ	تەنها خـــوا غەيب دەزانێ.
٢١	ضَرَّاءَ مَسَّتْهُمْ	توشى ناخۆشيى و سەغڵەتيى و بەڵا بوون.
٢١	لَهُمْ مَكْرٌ	درۆ دەكەن و گاڵتە دەكەن.
٢١	اللَّهُ أَسْرَعُ مَكْراً	خـــوا خێراتر پيلان دادەنێ.
٢٢	رِيحٌ عَاصِفٌ	ڕەشەبا.
٢٢	أُحِيطَ بِهِمْ	دەورەى داون.
٢٣	يَبْغُونَ	خراپە دەكەن.
٢٤	مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا	وێنەى ژيانى دنيا.
٢٤	زُخْرُفَهَا	جوانيى و ڕازاوەييەكەى.
٢٤	أَمْرُنَا	فەرمان و بڕيارمان.
٢٤	حَصِيداً	درووێنەكراوە.
٢٤	لَمْ تَغْنَ	هيچ شتێكى لێنەبووە.
٢٦	الْحُسْنَى	بەهەشت.
٢٦	وَزِيَادَةٌ	زياتريش.
٢٦	وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ	ڕوخسارييان داناپۆشێ.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەی
٢٦	قَتَرٌ	تۆز و خۆڵ.
٢٦	ذِلَّةٌ	زەبوونیی.
٢٧	عَاصِمٍ	ڕێگر.
٢٧	أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ	ڕوخساریان داپۆشراوە.
٢٨	مَكَانَكُمْ	لە جێی خۆتان بوەستن.
٢٨	فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ	لە نێوانیانـماندا جیاکردەوە.
٣٠	تَبْلُو	دەیبینێ.
٣٢	فَأَنَّا تُصْرَفُونَ	چۆن لادەدەن.
٣٣	حَقَّتْ	چەسپاوە.
٣٤	فَأَنَّا تُؤْفَكُونَ	چۆن لا دەدەن.
٣٥	لا يَهِدِّي	ناتوانێ ڕێنمایی بدات.
٣٩	وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ	حەقیقەتی ئەوەیان بۆ نەهاتووە، کە لە قورئان بەڵێنیان پێدراوە.
٤٢	لا يَعْقِلُونَ	تێیناگەن.
٤٣	يَنْظُرُ إِلَيْكَ	تەماشای تۆ دەکات.
٤٦	وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ	یان پیشانت بدەین.
٤٧	لا يُظْلَمُونَ	ستەمیان لێناکرێ.
٥٠	أَرَأَيْتُمْ	پێم بڵێن.
٥٠	بَيَاتاً	بەشەو.
٥٣	وَيَسْتَنْبِئُونَكَ	داوای هەواڵی عەزابت لێدەکەن.
٥٣	إِي وَرَبِّي	ئەرێ بە پەروەردگارم.

ژ	وشــه	مـانـاكـەی
٥٣	وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ	ئێوه ناتوانن خــوا بێ توانا بکەن.
٥٤	وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ	پەشیمانیان دەشارنەوە.
٥٧	وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ	چارەسەری دەردەکانی دڵی تێدایه.
٥٨	بِفَضْلِ اللَّهِ	به فەزڵ و ڕەحمەتی خــوا.
٥٩	أَذِنَ لَكُمْ	مۆڵەتی پێــداون.
٥٩	تَفْتَرُونَ	بوختان دەکەن.
٦١	تَكُونُ فِي شَأْنٍ	له هەر کارو بارێکت دابی.
٦١	تُفِيضُونَ فِيهِ	تێیدا بەردەوام دەبن.
٦١	وَمَا يَعْزُبُ	ون نابێ.
٦٤	لِكَلِمَاتِ اللَّهِ	بەڵێنەکانی خــوا.
٦٥	إِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ	تەنها خــوا خاوەن هێز و توانای تەواوە.
٦٦	يَخْرُصُونَ	درۆ دەکەن.
٦٧	لِتَسْكُنُوا فِيهِ	تێیدا بــحەسێنەوە.
٦٨	سُلْطَانٍ	بەڵگە.
٧١	كَبُرَ عَلَيْكُمْ	لەسەرتان گەوره و زەحــمەته.
٧١	مَقَامِي	مانەوەم.
٧١	فَأَجْمِعُوا أَمْرَكُمْ	کاری خۆتان ساز بکەن.
٧١	وَشُرَكَاءَكُمْ	هاوبەشەکانتان.
٧١	غُمَّةً	شاراوه.
٧١	اقْضُوا إِلَيَّ	بڕیاری سزام لەسەر بدەن.
٧١	وَلَا تُنْظِرُونِ	ماوەم پێمەدەن.

ژ	وشــه	مـانـاكـەی
٧٢	فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ	گەر پشتتانكرد.
٧٣	وَجَعَلْنَاهُمْ	ئەوانـمانكردە جێنشین.
٧٤	نَطْبَعُ	مۆریان لەسەردەدەین.
٧٥	وَمَلَإِهِ	پیاو ماقولاَنی.
٧٨	لِتَلْفِتَنَا	لامانبدەی.
٧٨	الْكِبْرِيَاءُ	گەورەیی و دەسەلاَت.
٧٩	سَاحِرٍ عَلِيمٍ	جادوكەرێكی لێهاتوو.
٨١	سَيُبْطِلُهُ	پوچی دەكاتەوە.
٨٢	وَيُحِقُّ اللَّهُ	خــوا دەیچەسپێنێ.
٨٣	لَعَالٍ فِي الأَرْضِ	خۆ بە زلـزانە لەسەر زەوی.
٨٧	تَبَوَّآ لِقَوْمِكُمَا	شوێنی نیشتەجێبوون بۆ گەلەكەتان درووستبكەن.
٨٨	اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ	شوێنەواری ماڵ و سامانیان مەهێڵەرەوە.
٨٨	وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ	مۆر لەسەر دڵیان بدە.
٨٩	فَاسْتَقِيمَا	بەردەوام بن.
٩٠	بَغْياً وَعَدْواً	بە زوڵم و دەست درێژیەوە.
٩٢	آيَةً	پەند و ئامۆژگاریی.
٩٣	بَوَّأْنَا	نیشتەجێكرد.
٩٣	مُبَوَّأَ صِدْقٍ	شوێنێكی چاك و هەڵبژاردە.
٩٤	الْمُمْتَرِينَ	گومانباران.
٩٥	الْخَاسِرِينَ	زیانباران.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەى
٩٨	عَذَابَ الْخِزْيِ	عەزابى ڕیسواكەر.
١٠٠	الرِّجْسَ	عەزاب.
١٠١	قُلِ انْظُرُوا	بڵێ: بیربكەنەوە و پەند وەربگرن.
١٠٥	حَنِيفاً	لادان لە دینى تر.
١٠٦	وَلا تَدْعُ	بانگ مەكە و مەپاڕێوە.
١٠٧	وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ	گەر خـــوا توشت بكات.
١٠٨	بِوَكِيلٍ	بەبریكار.

(١١) سووڕەتی هـود (١٢٣) ئایەتە

ژ	وشــه	مـانـاکـەی
١	أَحْكِمَتْ آيَاتُهُ	ئایەتەکانی پتەوو ڕێکن.
١	فُصِّلَتْ	ڕوونکراوەتەوە.
٢	نَذِيرٌ	ترسێنەر.
٢	بَشِيرٌ	مژدەدەر.
٣	يُمَتِّعْكُمْ مَتَاعاً حَسَناً	ژیانێکی باشتان دەداتێ.
٥	يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ	لە سینەیان دەیشارنەوە.
٥	لِيَسْتَخْفُوا مِنْهُ	بۆ ئەوەی لێی بشارنەوە.
٥	يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ	جەستەیان بە جل و بەرگ دادەپۆشن.
٦	وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا	شوێنی جێگیربوونی لە ژیانی مردنی دەزانێ.
٦	وَمُسْتَوْدَعَهَا	ئەو شوێنەیش دەزانێ، کە تێیدا دەمرێ.
٧	لِيَبْلُوَكُمْ	بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە.
٧	أَحْسَنُ عَمَلاً	چاکترین تاعەت دەکات.
٨	وَحَاقَ بِهِمْ	دەورەیان دەدات.
٩	إِنَّهُ لَيَئُوسٌ	ئەو زۆر نائومێدە.
٩	كَفُورٌ	سپڵەیە، بێ سفەتە.
١٠	ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ	توشی تەنگەژەیەك لە گوزەرانی ژیان بوو.
١٠	إِنَّهُ لَفَرِحٌ	ئەو کەسە لە خۆبایی دەبێ.

ژ	وشـــه	مانـاكـەى
١٠	فَخُورٌ	زۆر شانازيى دەكات.
١٢	وَكِيلٌ	پارێزەرە.
١٣	افْتَرَاهُ	خۆى هەڵى بەستووە.
١٤	أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ	ئێوە ملكەچن.
١٥	لا يُبْخَسُونَ	لێيان كەم ناكرێتەوە.
١٦	وَحَبِطَ	پوچ و بەتاڵە.
١٧	بَيِّنَةٍ	بەڵگە و بەرچاو ڕوونيى.
١٧	شَاهِدٌ	شاهيدێك.
١٧	مِرْيَةٍ مِنْهُ	لێى بە گومان مەبە.
١٨	الأَشْهَادُ	شايەتەكان.
١٩	وَيَبْغُونَهَا عِوَجاً	بە خـــوار و خێچيان دەوێ.
٢٠	مُعْجِزِينَ	لە دەست خــوا هەڵبێن.
٢١	خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ	خۆيان دۆڕاند.
٢٢	لا جَرَمَ	بەڕاستى.
٢٣	وَأَخْبَتُوا إِلَى رَبِّهِمْ	ملكەچيى پەروەردگاريانن.
٢٥	نَذِيرٌ مُبِينٌ	ترسێنەرێكى ئاشكرايە.
٢٦	يَوْمٍ أَلِيمٍ	ڕۆژێكى بە ئێش و ئازار.
٢٧	الْمَلأُ	سەرۆكان.
٢٧	أَرَاذِلُنَا	عەقڵ سووكەكانـمان.
٢٧	بَادِيَ الرَّأْيِ	بە بێ بيركردنەوە و بەرچاو ڕوونيى.
٢٨	فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ	لێتان شاردرايەوە.

ز	وشـــە	مـانـاکـەی
٢٨	أَنُلْزِمُكُمُوهَا	دەکرێ ئێوەی پێوە پابەند بکەین؟
٢٩	تَجْهَلُونَ	نەفامن.
٣٠	طَرَدْتُهُمْ	دەرم کردن.
٣١	خَزَائِنُ اللَّهِ	گەنجینەکانی خـــوا.
٣١	تَزْدَرِي أَعْيُنُكُمْ	بە چاوی سوك تەماشایان دەکەن.
٣٣	وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ	ناتوانن لە دەست خـــوا دەربچن.
٣٤	أَنْ يُغْوِيَكُمْ	گومڕاتان بکات.
٣٥	فَعَلَيَّ إِجْرَامِي	خۆم گوناهی ئەوە هەڵدەگرم.
٣٦	فَلا تَبْتَئِسْ	خەمبار مەبە.
٣٧	بِأَعْيُنِنَا	بە بەرچاوی ئێمە.
٣٨	سَخِرُوا مِنْهُ	گاڵتەیان پێدەکرد.
٣٩	يُخْزِيهِ	ڕیسوای بکات.
٣٩	وَيَحِلُّ عَلَيْهِ	بەسەری دادەبەزێ.
٤٠	وَفَارَ التَّنُّورُ	لە تەندوری نانکردن ئاو هەڵقوڵی.
٤١	مَجْرَاهَا	ڕۆیشتنی لەسەر ئاو.
٤١	وَمُرْسَاهَا	گیرسانەوەی.
٤٣	سَآوِي	پەنا دەبەمە.
٤٣	لا عَاصِمَ	هیچ ڕێگرێك نییە.
٤٤	أَقْلِعِي	بیگرەوە.
٤٤	وَغِيضَ الْمَاءُ	ئاوەکە کەمیکرد و چووە ناو زەوییەوە.
٤٤	وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ	کەشتییەکە لەسەر چیای (جودی)

ژ	وشـــه	مـانـاكـه‌ى
		گیرسایه‌وه و له‌نگه‌ری گرت.
٤٤	بُعْداً	له‌ناو چـــوون.
٤٥	أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ	له هه‌مووه فه‌رمان ڕه‌وایان دادگه‌رتر.
٤٨	وَبَرَكَاتٍ	پیت و به‌ره‌كه‌ت.
٤٩	الْعاقِبَةَ	سه‌ره‌نــجام.
٥١	فَطَرَنِي	منی به‌دیهێناوه.
٥٢	مِدْرَاراً	بارانی زۆری یه‌ك له دوای یه‌ك.
٥٤	اعْتَرَاكَ	تووشی كردوین.
٥٤	بِسُوءٍ	به شێتیی.
٥٥	فَكِيدُونِي	زیانم پێبگه‌یه‌نن.
٥٥	لا تُنْظِرُونِ	دوای مه‌خـه‌ن.
٥٦	آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا	خـــوا خاوه‌نییه‌تی و له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و دایه.
٥٧	حَفِيظٌ	پارێزه‌ره.
٥٨	غَلِيظٍ	سه‌خت و دژوار.
٥٩	جَبَّارٍ	خۆ به‌گه‌وره‌زان.
٥٩	عَنِيدٍ	كه‌لله ڕه‌ق.
٦٠	بُعْداً لِعَادٍ	تیا چوون بۆ (عـاد).
٦١	وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا	ئێوه‌ی كردۆته ئاوه‌دانكه‌ره‌وه له‌ناویدا.
٦٢	مُرِيبٍ	جێی گومانه.
٦٣	أَرَأَيْتُمْ	پێم بڵێن.

ژ	وشـــه	مـانـاکـەی
٦٣	بَيِّنَةٍ	بەڵگەیەك.
٦٣	تَخْسِيرٍ	گومڕایی.
٦٥	فَعَقَرُوهَا	سەریان بڕی.
٦٥	تَمَتَّعُوا	ڕابـویـرن.
٦٧	جَاثِمِينَ	لەسەر ڕوو کەوتن.
٦٨	لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا	تێیدا نەژیاون.
٦٩	بِعِجْلٍ حَنِيذٍ	گوێرەکەیەکی قەڵەوی سوورکراوە.
٧٠	نَكِرَهُمْ	کارەکەیانی پێناخۆشبوو.
٧٠	وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً	لە دڵی خۆیدا لێیان ترسا.
٧٢	وَيْلَتَا	هاوار بە ماڵم.
٧٣	مَجِيدٌ	خاوەن شکۆیی و گەورەیی.
٧٤	الرَّوْعُ	تـــرس.
٧٥	لَحَلِيمٌ	زۆر نەرم و نیانە.
٧٥	أَوَّاهٌ	زۆر لە خـــوا دەپاڕێتەوە.
٧٥	مُنِيبٌ	تۆبەکارە.
٧٧	سِيءَ بِهِمْ	بە هاتنیان پێی ناخۆشبوو.
٧٧	وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعاً	ترسا لەوەی شتێکیان بەسەر بێنن.
٧٧	يَوْمٌ عَصِيبٌ	ڕۆژێکی سەخت و دژوارە.
٧٨	يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ	بە پەلە بۆ لای دەڕۆیشتن.
٧٨	وَلا تُخْزُونِ	ئابڕووم مەبەن.
٧٨	رَجُلٌ رَشِيدٌ	پیاوێکی جوامێر.

ژ	وشــە	مـانـاكـەى
٧٩	مِنْ حَقّ	پێویستی ئارەزوو.
٨٠	آوِي إِلَى رُكْنٍ	خۆم بدابا بە لای عەشیرەتێك،كە لەئێوەی بپاراستمایە.
٨١	بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ	بە پاشـماوەی شەوەكە.
٨٢	سِجِّيلٍ	بەردێكی لە قوڕێكی ڕەق درووستكراو.
٨٢	مَنْضُودٍ	لە دوای یەك ڕێزكراو.
٨٣	مُسَوَّمَةً	نیشانكراو.
٨٤	أَرَاكُمْ بِخَيْرٍ	دەبینم گوزەرانتان باشە.
٨٤	يَوْمٍ مُحِيطٍ	ڕۆژێك ،كە عەزاب دەورەی دەدات.
٨٥	وَلا تَبْخَسُوا	كەمی مەكەنەوە.
٨٥	وَلا تَعْثَوْا	گەندەڵیی و خراپەكاریی مەكەن.
٨٦	بَقِيَّةُ اللَّهِ	ئەو حەلاڵەی دەمێنێتەوە.
٨٦	بِحَفِيظٍ	بە چاودێر.
٨٨	بَيِّنَةٍ	ڕێیەكی ڕوون و ئاشكرا.
٨٨	أُنِيبُ	دەگەڕێمەوە بۆ لای خـــوا.
٨٩	لا يَجْرِمَنَّكُمْ	واتان لێنەكات.
٨٩	شِقَاقِي	دژایەتیی و توڕەیم.
٩٠	وَدُودٌ	زۆر خۆشەویستە.
٩١	رَهْطُكَ	عەشیرەتەكەت.
٩٢	أَعَزُّ عَلَيْكُمْ	بەلاتانەوە گەورەترن.
٩٢	وَرَاءَكُمْ ظِهْرِيّاً	فڕێتان داوەتە دواوە.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
٩٣	مَكَانَتِكُمْ	شێواز و حاڵ و بارتان.
٩٣	وَارْتَقِبُوا	چاوەڕوان بن.
٩٤	الصَّيْحَةُ	قیژەو هاوارێکی لەناوبەر.
٩٤	جَاثِمِينَ	لەسەر چۆك کەوتون و مردن.
٩٥	لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا	تێیدا نیشتەجێنەبوون.
٩٦	وَسُلْطَانٍ مُبِينٍ	بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا.
٩٨	يَقْدُمُ قَوْمَهُ	پێش قەومەکەی دەکەوێت.
٩٨	فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ	دەیانباتە ئاگری دۆزەخەوە.
٩٨	الْوِرْدُ الْمَوْرُودُ	ئەو شوێنەی دەچنە ناویەوە.
٩٩	بِئْسَ الرِّفْدُ الْمَرْفُودُ	خراپترین شتە، کە عەزابی خـــوا و لەعنەت بە یەکەوە کۆ بکرێنەوە و بەدوای یەکدا بێن.
١٠٠	وَحَصِيدٌ	شوێنەواری سڕاوەتەوە و نەماوە (دروێنەکراوە).
١٠١	غَيْرَ تَتْبِيبٍ	جگە لە ناو بردن و زیان مەندی.
١٠٣	يَوْمٌ مَشْهُودٌ	ڕۆژێك هەموو خەڵك دەیبینن.
١٠٤	مَعْدُودٍ	ژمێرراو.
١٠٥	شَقِيٌّ	بەدبەخت.
١٠٥	سَعِيدٌ	بەختەوەر.
١٠٦	زَفِيرٌ	بە توندی هەناسەدان.
١٠٦	وَشَهِيقٌ	بە توندی هەناسەدانەوە.

ژ	وشــه	مـانـاكـه‌ى
١٠٨	غَيْرَ مَجْذُوذٍ	نه‌بڕاوه.
١٠٩	مِرْيَةٍ	گومان.
١١٠	مُرِيبٍ	دوو دڵيى.
١١٢	وَلا تَطْغَوْا	تێى مه‌په‌ڕێنن.
١١٣	وَلا تَرْكَنُوا	مه‌يلتان نه‌بێ.
١١٤	وَزُلَفاً مِنَ اللَّيْلِ	چه‌ند كاتێك له شه‌و.
١١٤	ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ	ئامۆژگاريه بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ى په‌ندى لێ وه‌رده‌گرێ.
١١٥	لا يُضِيعُ	به فيڕۆى نادات.
١١٦	أُوْلُوا بَقِيَّةٍ	كه‌سانى خێر و چاكه‌كار.
١١٦	مَا أُتْرِفُوا فِيهِ	له‌زه‌ت و خۆشييه‌كانى تێدا بوون.
١١٨	أُمَّةً وَاحِدَةً	يه‌ك كۆمه‌ڵ.
١١٩	وَتَمَّتْ	جێبه‌جێده‌بێ.
١١٩	كَلِمَةُ رَبِّكَ	به‌ڵێنى په‌روه‌ردگارت.
١٢٠	مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ	به هۆيه‌وه دڵت به‌هێز ده‌كه‌ين.

(١٢) سووڕەتی یوسوف (١١١) ئایەتە

ژ	وشە	ماناکەی
٢	تَعْقِلُونَ	تێبگەن.
٣	نَقُصُّ عَلَيْكَ	بۆت دەگێڕینەوە.
٥	فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْداً	دژایەتیت دەکەن.
٦	يَجْتَبِيكَ	هەڵت دەبژێرێ.
٦	تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ	خەون لێکدانەوە.
٨	وَنَحْنُ عُصْبَةٌ	ئێمە کۆمەڵێکین.
٨	ضَلالٍ مُبِينٍ	هەڵەیەکی ئاشکرا.
٩	اطْرَحُوهُ أَرْضاً	لە زەویەکی چۆڵ فرێی بدەن.
٩	يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ	بابتان، تەنها ڕووی لە ئێوە دەبێ.
١٠	غَيَابَةِ الْجُبِّ	ناو بیرەوە.
١٠	السَّيَّارَةِ	ڕێبوار.
١١	لا تَأْمَنَّا	لە ئێمە دڵنیانی.
١٢	يَرْتَعْ	بە خۆشی ڕابوێرێ.
١٢	وَيَلْعَبْ	گەمە و یاری بکات.
١٤	لَخَاسِرُونَ	ئێمە زیانبارین.
١٥	وَأَجْمَعُوا	کۆڕابوون.
١٧	نَسْتَبِقُ	پێشبڕکێ دەکەین.
١٨	سَوَّلَتْ	جوانیکرد.
١٨	فَصَبْرٌ جَمِيلٌ	ئارام گرتنێکی جوان.
١٩	وَارِدَهُمْ	ئاو هەڵێنجانیان.

ماناكەی	وشە	ژ
ستلەكەی هەڵدایە ناو بیرەكە.	فَأَدْلَى دَلْوَهُ	١٩
كەل و پەلی بازرگانی.	بِضَاعَةً	١٩
فرۆشتیان.	وَشَرَوْهُ	٢٠
بە نرخێكی كەم.	بِثَمَنٍ بَخْسٍ	٢٠
ڕێزی پایەی ئەولای ئێمە بگرە.	أَكْرِمِي مَثْوَاهُ	٢١
زاڵە بەسەر كار و فەرمانی خۆی.	غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ	٢١
گەیشتە ئەو پەڕی هێزی گەنـجێتیی.	بَلَغَ أَشُدَّهُ	٢٢
داوای جووتبوونی لێكرد.	وَرَاوَدَتْهُ	٢٣
دەی وەرە پێشەوە.	هَيْتَ لَكَ	٢٣
پەنا بەخـوا دەگرم.	مَعَاذَ اللَّهِ	٢٣
ئەویش چەند خەتەرەیەكی بە دڵدا هات ،كەبە دەمییەوە بچێ.	وَهَمَّ بِهَا	٢٤
پاكە هەڵبژاردراوەكان بۆ پەیامی خـوا.	الْمُخْلَصِينَ	٢٤
هەردووكیان پەلەیانكرد بگەنە دەرگاكە.	وَاسْتَبَقَا الْبَابَ	٢٥
كراسەكەی دڕاند.	وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ	٢٥
مێردی ژنەكەیان بینی.	وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا	٢٥
شایەتێك شایەتیدا.	وَشَهِدَ شَاهِدٌ	٢٦
فرت و فێڵتان.	كَيْدِكُنَّ	٢٨
واز لەو باسە بێنە.	أَعْرِضْ عَنْ هَذَا	٢٩
خۆشەویستیی ئەو، پەڕەی دڵی داگیر كردووە.	شَغَفَهَا حُبّاً	٣٠
شوێنی پاڵدانەوەی بۆ ئامادەكردووە.	وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً	٣١
بە گەورە كەوتە بەرچاویان.	أَكْبَرْنَهُ	٣١
دەستیان بـڕی.	وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ	٣١

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
٣١	حَاشَ لِلَّهِ	پەنا بەخـــوا.
٣٢	فَاسْتَعْصَمَ	ڕێگریی کرد.
٣٢	مِنَ الصَّاغِرِينَ	لە زەبوونان دەبێت.
٣٣	أَصْبُ إِلَيْهِنَّ	مەیلم بۆیان دەچێت.
٣٦	أَعْصِرُ خَمْراً	ترێم دەکوشی.
٣٧	ذَلِكُمَا	ئەو دوو خـەونەی ئێوە.
٤٠	الدِّينُ الْقَيِّمُ	ئەو ئایینە ڕاستەیە.
٤١	قُضِيَ الأَمْرُ	کارەکە بڕیاری لەسەر درا.
٤٣	عِجَافٌ	لەڕو لاواز.
٤٣	تَعْبُرُونَ	لێك بدەنەوە.
٤٤	أَضْغَاثُ أَحْلامٍ	خەونی تێکەڵ و پێکەڵ.
٤٥	وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ	پاش ماوەیەك بە بیری هاتەوە.
٤٧	دَأَباً	یەك لە دوای یەك.
٤٨	تُحْصِنُونَ	دەیپارێزن و دایدەکەن.
٤٩	يُغَاثُ النَّاسُ	باران بۆ خەڵك دەبارێ.
٥٠	مَا بَالُ النِّسْوَةِ	حەقیقەتی کاری ژنەکان چیبوو؟
٥١	مَا خَطْبُكُنَّ	حاڵتان چۆن بوو؟
٥١	حَصْحَصَ الْحَقُّ	حەق بە دەرکەوت.
٥٣	وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي	پاکانە بۆ خـۆم ناکەم.
٥٤	مَكِينٌ أَمِينٌ	پایەدار و دەستپاك.
٥٦	يَتَبَوَّأُ مِنْهَا	تێیدا دابنیشێ و جێنشین بێ.
٥٨	لَهُ مُنكِرُونَ	ئەویان نەناسییەوە.
٥٩	جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ	ئەو خۆراکەی داوایانکردبوو پێیدان.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەى
٦٢	بِضَاعَتَهُمْ	نرخى خۆراكەكەيان، كە كڕيبوويان.
٦٢	رِحَالِهِمْ	بارەكانيان.
٦٣	نَكْتَلْ	بە تەواوى خۆراك بێنين.
٦٤	خَيْرٌ حَافِظًا	باشترين پارێزەرە.
٦٥	مَتَاعَهُمْ	بارەكەيان.
٦٥	مَا نَبْغِي	لەمە زياتر داوا ناكەين.
٦٥	وَنَمِيرُ أَهْلَنَا	خۆراكى زۆر بۆ ماڵ و منداڵمان دێنين.
٦٦	مَوْثِقاً	پەيـمانێك.
٦٦	يُحَاطَ بِكُمْ	بەسەرتان زاڵ بن.
٦٦	وَكِيلٌ	شايەت و پارێزەر.
٦٩	آوَى إِلَيْهِ أَخَاهُ	براكەى لە ئامێزگرت.
٦٩	فَلا تَبْتَئِسْ	خەمبارمەبە.
٧٠	السِّقَايَةَ	جام، قاپ.
٧٠	الْعِيرُ	كاروان، خاوەن حوشترەكان.
٧١	مَاذَا تَفْقِدُونَ	چيتان لێ ونبووە؟
٧٢	صُوَاعَ الْمَلِكِ	پێوانەى پاشا.
٧٢	زَعِيمٌ	دەستەبەر و كەفيل.
٧٦	كِدْنَا لِيُوسُفَ	پلانـمان بۆ (يوسف) ئاسانكرد.
٧٦	دِينِ الْمَلِكِ	حوكمى پاشاكە.
٧٧	فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ	(يوسف) لە دڵى خۆى شارديەوە.
٨٠	اسْتَيْئَسُوا مِنْهُ	لێى نائومێد بوون.
٨٠	خَلَصُوا نَجِيّاً	لە خەڵك جيابوونەوەو بەتەنيا ڕاوێژيان لە گەڵ خۆيانكرد.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
٨٠	مَا فَرَّطتُمْ	کەم تەرخەمیتانکرد.
٨٣	سَوَّلَتْ	جوانیکرد.
٨٤	يَا أَسَفَى	ئای داخ و ئۆف.
٨٤	وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ	چاوی سپی بوو.
٨٤	كَظِيمٌ	خەم و خەفەتی دەخـــواردەوە.
٨٥	تَفْتَأُ	هەردەم.
٨٥	تَكُونَ حَرَضاً	لەسەر لێواری تیاچوون دەبێ.
٨٦	بَثِّي	خەم و پەژارەم.
٨٧	فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ	لە هەواڵی (یوسف) بگەڕێن و هەواڵی بزانن.
٨٧	رَوْحِ اللَّهِ	بەزەیی خـــوا.
٨٨	الضُّرُّ	نەبوونیی و برسێتیی.
٨٨	بِبِضَاعَةٍ مُزْجَاةٍ	نرخێکی کەم و خراپ.
٩١	آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا	خـــوا تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژارد.
٩٢	لا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمْ	گلەیتان لەسەر نییە.
٩٣	يَأْتِ بَصِيراً	چاوی وەك خۆی لێدێتەوە.
٩٤	فَصَلَتِ الْعِيرُ	کاروانەکە بەڕێکەوت و دەرچوو.
٩٤	تُفَنِّدُونِ	بە عەقڵ سوکم بزانن.
٩٥	ضَلالِكَ	هەڵەی کۆنی خۆتی.
٩٩	آوَى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ	دایك و باوکی لە ئامێز گرتن.
١٠٠	الْبَدْوِ	دەشت و گوند.
١٠٠	نَزَغَ الشَّيْطَانُ	شەیتان تێکیدا.
١٠١	فَاطِرَ	بەدیهێنەر.
١٠٢	أَجْمَعُوا أَمْرَهُمْ	پیلانیان دانا.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١٠٥	وَكَأَيِّنْ مِنْ آيَةٍ	زۆر لەو بەڵگانەی.
١٠٧	غَاشِيَةٌ	عـەزابێك.
١٠٧	بَغْتَةً	لەناكاو.
١١٠	اسْتَيْئَسَ الرُّسُلُ	پێغەمبەران نائومێد بوون.
١١٠	وَظَنُّوا	گومانيان وابوو.
١١٠	كُذِبُوا	درۆيان لەگەڵ كردوون.
١١٠	بَأْسُنَا	عـەزابـمان.
١١١	عِبْرَةٌ	پەند و ئامۆژگاری.
١١١	يُفْتَرَى	درۆ و هەڵبەستراو.

(١٣)سوورەتـی ڕەعـد(٤٣) ئایەتە

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
٢	بِغَيْرِ عَمَدٍ	بە بێ کۆڵەگە.
٢	اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ	لەسەر عەرش بەرز بۆوە.
٢	يُدَبِّرُ الأَمْرَ	کار و باری دونیا و ئاخیرەت بەڕێوە دەبات.
٣	مَدَّ الأَرْضَ	زەوی فراوان و درێژکردۆتەوە.
٣	رَوَاسِيَ	چیاکان.
٣	زَوْجَيْنِ	دوو جۆر.
٣	يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ	شەو بە تاریکییەکەی ڕۆژ دادەپۆشێ.
٤	قِطَعٌ	چەند پارچەیەك.
٤	وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ	چەند دار خورمایەك لە یەك بنەوە ڕوابێت.
٥	الأَغْلالُ	زنـجیر.
٦	الْمَثُلاتُ	سزای بە درۆ زانانی پێشینان.
٦	مَغْفِرَةٍ لِلنَّاسِ	لێخۆشبوو بۆ خەڵك.
٨	وَمَا تَغِيضُ	چەندی لێکەم دەبێتەوە.
٨	بِمِقْدَارٍ	بە ئەندازە.

ژ	وشـــه	ماناكەی
٩	الْكَبِيرُ	زات و ناو و سیفەتەكانی گەورەیە.
٩	الْمُتَعَالِ	بەرز و بڵندە.
١٠	وَسَارِبٌ	بە ئاشكرا.
١١	لَهُ مُعَقِّبَاتٌ	چەند فریشتەیەكی یەك لە دوای یەكی هەیە.
١١	مِنْ أَمْرِ اللَّهِ	بە فەرمانی خـــوا.
١١	مِنْ وَالٍ	سەرپەرشتیكارێك.
١٢	السَّحَابَ الثِّقَالَ	هەوری پڕ لە ئاوی زۆر.
١٣	شَدِيدُ الْمِحَالِ	زۆر بەهێزە.
١٤	لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ	تەنها ئەو شایەنی ئەوەیە بەیەك خـــوایی بانگ بكرێ.
١٥	وَلِلَّهِ يَسْجُدُ	تەنها بۆ خـــوا بە ملكەچییەوە، سوجدە دەبات.
١٥	بِالْغُدُوِّ	سەرەتای ڕۆژ (بەیانی).
١٥	وَالآصَالِ	كۆتایی ڕۆژ (ئێوارە).
١٧	زَبَداً	كەفێك.
١٧	رَابِياً	بەسەر ئاو كەوتوو.
١٧	زَبَدٌ	پیسیی و چڵك.

ژ	وشــه	مـانـاکـەی
١٧	جُفَاءً	فڕێدان.
١٨	وَبِئْسَ الْمِهَادُ	خراپترین شوێنی حەوانەوە.
٢٢	وَيَدْرَءُونَ	پاڵدەنێن.
٢٢	عُقْبَى الدَّارِ	سەرەنجامی باش لە ئاخیرەت.
٢٥	سُوءُ الدَّارِ	سەرەنجامی خراپ لە ئاخیرەت.
٢٦	وَيَقْدِرُ	تەنگی دەکات و کەمی دەکاتەوە.
٢٧	أَنَابَ	دەگەڕێتەوە.
٢٩	طُوبَى لَهُمْ	خۆشحاڵیی بۆیان.
٢٩	وَحُسْنُ مَآبٍ	گەڕانەوەیەکی باش.
٣٠	وَإِلَيْهِ مَتَابِ	گەڕانەوە بۆ لای ئەوە.
٣١	أَفَلَمْ يَيْئَسِ	ئایا نازانن.
٣١	قَارِعَةٌ	موسیبەت و کارەسات.
٣٢	فَأَمْلَيْتُ	مۆڵەتــمدا.
٣٤	وَاقٍ	ڕێگرێك.
٣٥	أُكُلُهَا دَائِمٌ	بەروبوومەکەی نابڕێتەوە.
٣٦	وَإِلَيْهِ مَآبِ	گەڕانەوەم بۆ لای ئەوە.
٣٨	لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ	بۆ هەر کارێك، کە خـــوا بڕیاری لەسەر داوە، نووسراوە.

ماناکەی	وشـــە	ژ
ئەسڵی کتێب، کە لە وەحی مەحفوزە.	أُمُّ الْكِتَابِ	٣٩
حوکم و بڕیاری ئەو گەڕانەوە و هەڵوەشانەوەی بۆ نییە.	لا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ	٤١

(١٤)سـووڕەتی ئیبڕاهیم (٥٢) ئایەتە

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١	بِإِذْنِ رَبِّهِمْ	بە مۆڵەت و پشتیوانی پەروەردگاریان.
١	الْعَزِيزِ	زاڵ.
١	الْحَمِيدِ	سوپاسکراو.
٢	وَوَيْلٌ	تیاچوون.
٣	يَسْتَحِبُّونَ	هەڵدەبژێرن.
٣	وَيَبْغُونَهَا عِوَجاً	بە خـــوار و خێچیان دەوێ.
٤	لِيُبَيِّنَ لَهُمْ	بۆ ئەوەی بۆیان ڕوون بکاتەوە.
٥	بِأَيَّامِ اللَّهِ	نیعمەت و نیگبەتییەکان لە ڕۆژەکانی خـــوادا.
٦	يَسُومُونَكُمْ	پێتان دەچێژن.
٦	وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ	ئافرەتەکانتان دەهێڵنەوە.
٦	بَلاءٌ	تاقیکردنەوەیەکە.
٧	تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ	پەروەردگارتان ڕایگەیاند.
٩	فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ	دەستیان گەست.
٩	مُرِيبٍ	گومان و دوو دڵی.
١٠	فَاطِرِ	بەدیهێنەر.
١٠	بِسُلْطَانٍ	بە بەڵگەیەك.
١٢	هَدَانَا سُبُلَنَا	ڕێی ڕاستی پیشاندایـن.
١٣	مِلَّتِنَا	ئایینەکەمان.
١٤	خَافَ مَقَامِي	لە پلە و پایەم ترسابێ.
١٤	وَخَافَ وَعِيدِ	لە هەڕەشەم ترسابێ.
١٥	وَاسْتَفْتَحُوا	داوای سەرکەوتنیانکرد.

ژ	وشــــە	مـانـاكـەى
١٥	وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ	هەموو خۆ بە گەورە زانێك تیا چوو.
١٥	عَنِيدٍ	كەللە ڕەق، كە حەق وەرناگرێ.
١٦	مَاءٍ صَدِيدٍ	كێم و خون.
١٧	وَلا يَكَادُ يُسِيغُهُ	ناتوانێ قوتی بدات.
١٨	كَرَمَادٍ	وەك خۆڵە مێشێك.
١٨	يَوْمٍ عَاصِفٍ	ڕۆژێك، كە ڕەشەبا هەڵی كردبێت.
٢١	وَبَرَزُوا	بەدەركەوتن.
٢١	مُغْنُونَ عَنَّا	لێمان لا بدەن.
٢١	مَحِيصٍ	پەناگە.
٢٢	سُلْطَانٍ	دەسەلآت.
٢٢	بِمُصْرِخِكُمْ	فریاتان بكەوم.
٢٢	بِمُصْرِخِيَّ	فریام بكەون.
٢٤	كَلِمَةً طَيِّبَةً	وشەى یەكخـــواپەرستیى: (لاإله إلا الله).
٢٥	تُؤْتِي أُكُلَهَا	بەروبوومەكەى دەدات.
٢٦	كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ	وشەى پیس.
٢٦	اجْتُثَّتْ	هەڵكێشرابێ.
٢٧	فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا	لە ژیانى دنیا.
٢٨	دَارَ الْبَوَارِ	خانەى تیا چوون.
٢٩	يَصْلَوْنَهَا	دەچنە ناویەوە.
٣٠	أَندَاداً	چەند هاوبەشێك.
٣٣	دَائِبَيْنِ	لە جوڵە كردنیان سست نابنەوە.
٣٤	لا تُحْصُوهَا	ناتوانن بژمێرن.
٣٥	وَاجْنُبْنِي	بە دوورم بـخەوە.
٣٧	تَهْوِي إِلَيْهِمْ	ئارەزووى بكەن.
٤٠	مُقِيمَ الصَّلاةِ	نوێژ بە جێهێنان.

ژ	وشـــه	مـانـاکـەی
٤٢	تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ	چاوەکانی تێدا ئابڵەق دەبێت و نانوقێ.
٤٣	مُهْطِعِينَ	بە پەلە بۆ وەڵامدانەوەی بانگکەرەکە دەڕۆن.
٤٣	وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاءٌ	دڵیان بۆشە و هیچی تێدا نییە.
٤٨	وَبَرَزُوا لِلَّهِ	بۆ دیداری خـــوا بەدەردەکەون.
٤٩	الأَصْفَادِ	کۆت و بەند.
٥٠	سَرَابِيلُهُمْ	جل و بەرگیان.
٥٠	وَتَغْشَى وُجُوهَهُمْ	ڕوویان دادەپۆشێ.
٥٢	بَلاغٌ لِلنَّاسِ	ڕاگەیاندنێکە بۆ خەڵك.

(١٥) سوورەتى حیجر (٩٩) ئایەتە

ژ	وشــە	مـانـاکـەى
٢	يَوَدُّ	ئاواتە خــواز دەبێ.
٣	ذَرْهُمْ	لێیانگەڕێ.
٤	وَلَهَا كِتَابٌ	ماوەیەکی ئەندازە بۆ کراوی هەیە.
٧	لَوْ مَا تَأْتِينَا	با بۆمان بێنی.
٨	إِلاَّ بِالْحَقِّ	تەنها بەو عەزابەی، کە مۆڵەتی تێدا نییە.
٨	مُنْظَرِينَ	مۆڵەت و ماوەدان.
٩	الذِّكْرَ	قورئان.
١٠	شِيَعِ الأَوَّلِينَ	کۆمەلأنی پێشین.
١٢	نَسْلُكُهُ	دەیخەینە ناو.
١٣	خَلَتْ سُنَّةُ الأَوَّلِينَ	ڕێ و شوێنی پێشینەکانی ڕابردوو.
١٤	يَعْرُجُونَ	بەرزدەبنەوە و سەردەکەون.
١٥	سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا	فێڵ لە چاومانکراوە.
١٥	قَوْمٌ مَسْحُورُونَ	قەومێکین فێڵ و جادوومان لێکراوە.
١٦	بُرُوجاً	چەند مەنزڵگایەك.
١٧	رَجِيمٍ	دەرکراو.
١٨	اسْتَرَقَ السَّمْعَ	بە دزیەوە گوێ دەگرن.
١٨	فَأَتْبَعَهُ	بە دوای دەکەوێ.
١٨	شِهَابٌ مُبِينٌ	ئەستێرەیەکی ڕۆشنداری سووتێنەر.
١٩	وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا	زەویـمان بە فراوانیی ڕاخستووە.
١٩	رَوَاسِيَ	چەند چیایەك.

ژ	وشــه	مـانـاکـەی
١٩	مَوْزُونٍ	ئەندازەگیریی دیاریکراو.
٢٠	مَعَايِشَ	ئەوەی پێی دەژین.
٢١	عِنْدَنَا خَزَائِنُهُ	گەنجینەکانی لە لای ئێمەیە.
٢١	نُنَزِّلُهُ	دایدەبەزێنین.
٢١	بِقَدَرٍ مَعْلُومٍ	بە ئەندازەیەکی دیاریکراو.
٢٢	الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ	بامان وا لێکردووە،کە هەورەکان موتوربە بکات.
٢٣	وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ	ئێمە میراتگرین.
٢٦	صَلْصَالٍ	قوڕێکی وشك.
٢٦	حَمَإٍ مَسْنُونٍ	قوڕێکی ڕەش، کە ڕەنگ و بۆنەکەی لەبەر زۆر مانەوەی دەگۆڕێ.
٢٧	نَارِ السَّمُومِ	ئاگرێکی زۆر گەرم، کە دووکەڵی نییە.
٢٩	سَوَّيْتُهُ	ڕێك و پێکم کرد.
٣١	أَبَى	ڕێگریی کرد.
٣٢	مَا لَكَ	ئەوە چیتە؟
٣٥	اللَّعْنَةَ	دووربوون لە بەزەیی خــوا.
٣٦	فَأَنْظِرْنِي	دوام بـخە.
٣٧	مِنَ الْمُنْظَرِينَ	لەو کەسانەی تیا چوونیانم دواخستووە.
٣٨	الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ	کاتی فووی یەکەم.
٣٩	وَلأُغْوِيَنَّهُمْ	گومڕایان دەکەم.
٤٠	الْمُخْلَصِينَ	ئەوانەی پەرستن، تەنها بۆ خــوا ئەنـجام دەدەن.
٤٢	سُلْطَانٌ	توانا و دەسەڵات.
٤٤	جُزْءٌ مَقْسُومٌ	بەشێکیان بۆ هەیە.
٤٥	جَنَّاتٍ	چەند باغ و باخاتێك.

ز	وشـــە	مـانـاکـەی
٤٥	وَعُيُونٍ	چەند ڕووبارێك.
٤٦	بِسَلامٍ	سەلامەت لە هەموو خراپەیەك.
٤٦	آمِنِينَ	ئەمین و دڵنیا لە هەموو عەزابدانێك.
٤٧	غِلّ	ڕق و قین.
٤٨	نَصَبٌ	شەكەت و ماندویی.
٤٩	نَبِّئْ	هەواڵ بدە.
٥٢	وَجِلُونَ	دەترسین.
٥٣	نُبَشِّرُكَ	مژدەت پێدەدەین.
٥٣	بِغُلامٍ عَلِيمٍ	بە كوڕێكی زۆر زانا و بە دین.
٥٥	الْقَانِطِينَ	نائومێدان.
٥٧	فَمَا خَطْبُكُمْ	ئەو كارە ترسناكە چییە، كە لە پێناوی هاتوون؟!
٥٨	قَوْمٍ مُجْرِمِينَ	قەومی هاوبەشپەرستیی و گومڕایان.
٦٠	قَدَّرْنَا	بڕیارمانـداوە.
٦٠	الْغَابِرِينَ	لەوانەی لە عەزاب دەمێننەوە.
٦٢	قَوْمٌ مُنْكَرُونَ	كەسانێكن ناتانناسم.
٦٣	فِيهِ يَمْتَرُونَ	تێیدا لە گومانن.
٦٥	بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ	بەشێك لە شەو.
٦٥	وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ	لە دوایانەوە بـڕۆ.
٦٦	وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ	وەحیمان بۆیكرد.
٦٦	دَابِرَ هَؤُلاءِ	هەموویان.
٦٦	مُصْبِحِينَ	لە كاتی سپێدەی بەیانی.
٦٨	فَلا تَفْضَحُونِ	ئابڕووم مەبەن.
٦٩	وَلا تُخْزُونِ	زەبوون و سووكم مەكەن.

ژ	وشــە	مـانـاکـەی
٧٠	عَنِ الْعَالَمِينَ	میواندارییی کەس نەکەین.
٧٢	لَعَمْرُكَ	سوێند بە ژیانت.
٧٢	سَكْرَتِهِمْ	بێئاگاییان.
٧٢	يَعْمَهُونَ	سەرگەردانن.
٧٣	الصَّيْحَةُ	هەورە تریشقەی عەزاب.
٧٣	مُشْرِقِينَ	کاتی ڕۆژ هەڵاتن.
٧٤	سِجِّيلٍ	قوڕێکی ڕەق.
٧٥	لِلْمُتَوَسِّمِينَ	بۆئەوانەی پەند وەردەگرن.
٧٦	لَبِسَبِيلٍ مُقِيمٍ	ڕێگایەکی جێگر و چەسپاوە.
٧٨	أَصْحَابُ الأَيْكَةِ	خاوەن شاری داری چڕ و پڕ لە یەك ئاڵاو.
٧٩	لَبِإِمَامٍ مُبِينٍ	لە ڕێگایەکی ڕوونن.
٨٠	الْحِجْرِ	دۆڵی حیجر (لە نێوان مەدینە و شام دایە).
٨٣	مُصْبِحِينَ	بەیانی زوو.
٨٧	سَبْعاً	حەفت ئایەتی فاتیحە.
٨٧	مِنَ الْمَثَانِي	کە دووبارە لە نوێژ دەخوێندرێتەوە.
٨٨	أَزْوَاجاً مِنْهُمْ	کۆمەڵێك لە بێبڕوایان.
٨٨	وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ	خۆ بەکەمزانیی بنوێنە.
٩٠	الْمُقْتَسِمِينَ	ئەوانەی قورئانیان دابەشکرد.
٩١	عِضِينَ	قورئانیان کردە بەش بەش.
٩٤	فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ	بانگەوازی حەق، کە خـــوا فەرمانی پێکردووی، ئاشکرای بکە.
٩٤	وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ	گوێ بە هاوبەشپەرستان مەدە.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەى
٩٥	إِنَّا كَفَيْنَاكَ	ئێمەت بەسە بتپارێزین.
٩٧	يَضِيقُ صَدْرُكَ	دڵتەنگ دەبێت.
٩٩	الْيَقِينُ	مـــردن.

(١٦) سووڕەتی نـەحل (١٢٨) ئایەتە

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
١	وَتَعَالَى	بەرز و بڵندیی.
٢	بِالرُّوحِ	بە وەحیی.
٤	نُّطْفَةٍ	ئاوێکی سووك و قێزەون.
٤	هُوَ خَصِيمٌ	ئەو دووژمنێکی سەرسەختە.
٥	وَالأَنْعَامَ	ئاژەڵ لە: (حوشتر و مانگا و مەڕ و بزن).
٥	فِيهَا دِفْءٌ	گەرم بوونەوەی تێدایە.
٦	فِيهَا جَمَالٌ	جوانیی تێدایە.
٦	حِينَ تُرِيحُونَ	کاتێ لە ئێواران دەیانگەڕێننەوە شوێنی خۆیان.
٦	وَحِينَ تَسْرَحُونَ	کاتێ بەیانیان بۆ لەوەڕگایان دەبەن.
٧	وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ	کەلوپەلە قورسەکانتان هەڵدەگرێ.
٧	بِشِقِّ الأَنفُسِ	بە زەحمەتێکی زۆر.
٩	قَصْدُ السَّبِيلِ	ڕوونکردنەوەی ڕێی ڕاست.
٩	وَمِنْهَا جَائِرٌ	لەو ڕێیەدا هەیە، لارە.
١٠	فِيهِ تُسِيمُونَ	تێیدا ئاژەڵەکانتان پێی دەلەوەڕێنن.
١٣	ذَرَأَ لَكُمْ	بەدیهێناون.
١٤	مَوَاخِرَ فِيهِ	ڕووی ئاوی دەریا لەت دەکەن و دێن و دەچن.
١٥	رَوَاسِيَ	چیاکان.
١٦	وَعَلامَاتٍ	چەند نیشانەیەك.
١٨	لا تُحْصُوهَ	ناتوانن بیژمێرن.

ز	وشـــە	مـانـاكـەى
٢٢	مُنكِرَةٌ	نكوڵیی دەكات.
٢٣	لا جَرَمَ	بە ڕاستی.
٢٤	أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ	چیرۆكی پێشینان.
٢٥	أَوْزَارَهُمْ	گوناهەكانیان.
٢٦	مِنَ الْقَوَاعِدِ	لە بناغەوە.
٢٧	يُخْزِيهِمْ	ئابڕویان دەبات و زەبوونیان دەكات.
٢٧	تُشَاقُّونَ فِيهِمْ	لە پێناو ئەوان دژایەتیتان دەكردن.
٢٧	الْخِزْيَ	زەبوونیی.
٢٧	وَالسُّوءَ	عەزابدان.
٢٨	فَأَلْقَوُا السَّلَمَ	ملكەچیی فەرمانی خـــوا بوون.
٢٩	مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ	بارەگای خۆ بەزل زانان.
٣١	جَنَّاتُ عَدْنٍ	بەهەشتانێك، كە شوێنی مانەوەن.
٣٢	طَيِّبِينَ	دڵیان لە بیبڕوایی پاكە.
٣٤	وَحَاقَ بِهِمْ	دەورەی دان.
٣٦	وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ	واز لە پەرستنی غەیری خـــوا بێنن.
٣٦	حَقَّتْ	پێویست بوو.
٣٨	جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ	سوێندی بە ڕاستیی و توندیان.
٤١	لَنُبَوِّئَنَّهُمْ	نیشتەجێیان دەكەین.
٤٣	أَهْلَ الذِّكْرِ	خاوەن كتێبەكانی پێشوو.
٤٤	بِالْبَيِّنَاتِ	بەڵگە ڕوونەكان.
٤٤	وَالزُّبُرِ	كتێبەكانی ئاسـمانیی.
٤٥	يَخْسِفَ اللَّهُ بِهِمُ الأَرْضَ	خـــوا بە زەویاندا بباتە خـــوارێ.
٤٦	تَقَلُّبِهِمْ	هاتوو چوویان لە سەفەریاندا.

ژ	وشـــە	مـانـاکـەی
٤٦	بِمُعْجِزِينَ	لە دەست خـــوا دەرناچن.
٤٨	يَتَفَيَّأُ ظِلالُهُ	سێبەرەکەی لار دەبێتەوە.
٤٨	سُجَّداً لِلَّهِ	ملکەچن بۆ گەورەیی خـــوا.
٤٨	وَهُمْ دَاخِرُونَ	لە ژێر بەرێوەبردن و گەردنکەچیی خـــوان.
٥١	فَارْهَبُونِ	لە من بترسن.
٥٢	وَلَهُ الدِّينُ	پەرستن و تاعەت، تەنها بۆ ئەوە.
٥٢	وَاصِباً	هەردەم.
٥٣	تَجْأَرُونَ	بە نزاوە هاواری بۆ دەکەن.
٥٦	تَفْتَرُونَ	درۆ بە دەم خـــواوە دەکەن.
٥٧	مَا يَشْتَهُونَ	ئەوەی ئەوان حەزی لێدەکەن.
٥٨	وَهُوَ كَظِيمٌ	ئەو پڕە لە خەم و غەمباریی.
٥٩	يَتَوَارَى	خۆی دەشارێتەوە.
٥٩	هُونٍ	زەبوونیی و سەرشۆڕیی.
٥٩	يَدُسُّهُ	ژێر خۆڵی بکات، زیندە بەچاڵی بکات.
٦٠	مَثَلُ السَّوْءِ	سیفەتی ناشیرین.
٦٢	مُفْرَطُونَ	فەرامۆشکراون.
٦٦	لَعِبْرَةً	پەندو ئامۆژگارییە.
٦٦	فَرْثٍ	ڕیخ (پاشەڕۆی ئاژەڵ).
٦٧	سَكَراً	مەی سەرخۆشکەر.
٦٨	وَأَوْحَى رَبُّكَ	پەروەردگارت ئیلهامیکرد.
٦٨	بُيُوتاً	چەند خانوویەك.
٦٩	ذُلُلاً	بە زەبونییەوە.
٧٠	أَرْذَلِ الْعُمُرِ	ئەو پەڕی پیری.

ژ	وشـــە	مانـاكـەى
٧١	فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ	ئايا تيايدا يەكسانن؟
٧٢	وَحَفَدَةً	چەندەها نەوە.
٧٦	أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ	يەكێكيان كەڕ و لاڵ بێت.
٧٦	وَهُوَ كَلٌّ	ئەو كەسە بار گرانييە.
٧٧	كَلَمْحِ الْبَصَرِ	چاو تروكانێك.
٨٠	تَسْتَخِفُّونَهَا	بە سووكى هەڵيدەگرن.
٨٠	يَوْمَ ظَعْنِكُمْ	لە كاتى ڕۆيشتنتان.
٨٠	أَثَاثاً	كەل و پەل.
٨٠	وَمَتَاعاً	سوود و خۆشيى لێ وەردەگرن.
٨١	ظِلالاً	دەيكەنە سێبەر.
٨١	أَكْنَاناً	چەند ئەشكەوتێك لە چياكان.
٨١	سَرَابِيلَ	زرێ پۆش.
٨١	تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ	لە چەقۆ و شمشێر و ئازار دەتانپارێزێ.
٨٢	الْبَلاغُ الْمُبِينُ	ڕاگەياندنى ڕوون و ئاشكرا.
٨٤	وَلا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ	داوايان لێناكرێ پەروەردگاريان ڕازى بكەن.
٨٥	وَلا هُمْ يُنظَرُونَ	مۆڵەتيشيان پێنادرێ.
٨٧	السَّلَمَ	ملكەچبوون.
٩٠	يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ	فەرمان بەدادگەريى دەكات.
٩٠	وَالإِحْسَانِ	هەروا بە چاكەكردن.
٩٠	الْفَحْشَاءِ	قسەو كردەوەى ناشيرين.
٩٠	وَالْبَغْيِ	ستەم و دەست درێژيكردنە سەر خەڵك.
٩١	كَفِيلاً	دەستەبەرو زامن.
٩٢	قُوَّةٍ	پتەوكردن.

ژ	وشە	ماناکەی
٩٢	أَنكَاثاً	هەڵوەشاندنەوە.
٩٢	دَخَلاً بَيْنَكُمْ	فێڵ لە نێوانتان.
٩٢	أَنْ تَكُونَ أُمَّةٌ	کۆمەڵێك بن.
٩٢	هِيَ أَرْبَى	ماڵ و سود زۆر تر.
٩٢	يَبْلُوكُمُ اللَّهُ بِهِ	خــوا تاقیتان دەکاتەوە بەوەی فەرمانی پێکردوون.
٩٣	أُمَّةً وَاحِدَةً	یەك ئایین.
٩٤	فَتَزِلَّ قَدَمٌ	پێیەك هەڵبخلیسکێ.
٩٦	يَنفَدُ	نامێنێ.
٩٨	فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ	خۆت بە خــوا بپارێزە.
٩٩	سُلْطَانٌ	دەسەڵات.
١٠٠	يَتَوَلَّوْنَهُ	کردویانەتە هاوکاری خۆیان و بەفەرمانیان کردووە.
١٠١	مُفْتَرٍ	بوختان دەکەی.
١٠٢	رُوحُ الْقُدُسِ	جوبرائیل.
١٠٢	لِيُثَبِّتَ	بۆ ئەوەی چەسپاویی بکات.
١٠٣	يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ	دەیدەنە پاڵییەوە.
١٠٧	اسْتَحَبُّوا	هەڵیان بژارد.
١٠٨	طَبَعَ	مۆری لێدراوە.
١٠٩	لا جَرَمَ	بەڕاستی.
١١٠	فُتِنُوا	عەزاب دران.
١١٢	رَغَداً	بە ئاسانیی.
١١٥	أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ	بۆ غەیری خــوا سەربڕابێ.

ژ	وشــــە	مـانـاكـەى
١١٥	غَيْرَ بَاغٍ	بە بێ ئەوەی ستەم بكات.
١١٥	وَلا عَادٍ	سنووری پێویستی لێتێنەپەڕێنێ.
١١٨	هَادُوا	جولەكە.
١٢٠	كَانَ أُمَّةً	لە چاكەدا پێشەوا بووە.
١٢٠	قَانِتاً لِلَّهِ	ملكەچی خـــوا بووە.
١٢٠	حَنِيفاً	لە ئیسلام لای نەداوە.
١٢١	اجْتَبَاهُ	هەڵیبژارد.
١٢٣	مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ	ئایینی ئیسلام، كە (ئیبراهیم) شوێنی كەوتووە.
١٢٧	وَلا تَكُ فِي ضَيْقٍ	دڵتەنگ مەبە.

(١٧)سووڕەتی ئیسڕا (١١١) ئایەتە

ز	وشـــە	مـانـاکـەی
١	سُبْحَانَ الَّذِي	پاکی و بێگەردیی بۆ ئەو کەسەی.
١	أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ	شەو ڕۆیی بە بەندەکەی کرد.
١	لِنُرِيَهُ	بۆ ئەوەی پیشانی بدەین.
٢	وَكِيلاً	دۆست و پشتیوان.
٣	ذُرِّيَّةَ	نەوە.
٤	وَقَضَيْنَا إِلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ	بە نەوەی ئیسرائیلمان ڕاگەیاند.
٤	وَلَتَعْلُنَّ	خۆ بە گەورە زانیی و سنویر بەزاندن و دویژمنایەتیی دەکەن.
٥	وَعْدُ أُولاهُمَا	خراپەکاریی یەکەم.
٥	أُولِي بَأْسٍ	خاوەن ئازایەتیی و هێزی زۆر.
٥	فَجَاسُوا	گـــەڕان.
٥	خِلالَ الدِّيَارِ	لە نێوان ماڵەکانتان.
٦	الْكَرَّةَ	زاڵبوون.
٧	لِيَسُوءُوا وُجُوهَكُمْ	بۆ ئەوەی زەبوونتان بکەن و شوێنەواری سووکایەتیی، بەڕووخسارتانەوە بەدەربکەوێ
٧	وَلِيُتَبِّرُوا	بۆ ئەوەی بیڕووخێنن و کاولیی بکەن.
٧	مَا عَلَوْا	هەموو ئەوەی دەکەوێتە بەر دەستیان.
٧	تَتْبِيراً	بە تەواویی کاولیی بکەن.
٨	حَصِيراً	زیندانییەك.
٩	هِيَ أَقْوَمُ	باشترین ڕێگا.

ژ	وشـــە	مـانـاكـەی
١١	عَجُولاً	زۆر پەلە دەكات.
١٢	فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ	نیشانەی شەومان سڕییەوە.
١٢	آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً	وامانكردووە نیشانەی ڕۆژ ڕۆشن بێت.
١٣	أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ	كردەوەكەی هاودەمییەتیی و، لێی جیا نابێتەوە.
١٣	يَلْقَاهُ مَنشُوراً	بە كراوەیی دەیبینیّ.
١٤	حَسِيباً	حیساب و لێپرسینەوە.
١٥	وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى	هیچ كەسێك ، گوناهی كەسێكی تر هەڵناگرێ.
١٦	أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا	فەرمانـــمان بە خۆشگوزەرانیان كرد.
١٦	فَفَسَقُوا	سەرپێچیانكرد.
١٦	فَدَمَّرْنَاهَا	بە لەناو بردنی تەواو، ڕیشەكێشمان كردوون.
١٧	الْقُرُونِ	ئومـــمەتەكان، كە پێغەمبەرانیان بە درۆ زانی.
١٨	يَصْلاهَا	دەچێتە ناویەوە.
١٨	مَدْحُوراً	بە دەركراوی لەبەزەیی خـــوا.
٢٠	كُلاًّ نُمِدُّ	بۆ هەموویان زیاد دەكەین.
٢٠	مَحْظُوراً	قەدەغە.
٢٢	مَخْذُولاً	ڕیسوایی.
٢٣	وَقَضَى رَبُّكَ	پەروەردگارت فەرمانیكردووە.
٢٣	أُفّ	بێزاریی.
٢٣	وَلاَ تَنْهَرْهُمَا	كارێكی ناشرینیان بەرامبەر مەكە.
٢٥	لِلأَوَّابِينَ	بۆ ئەوانەی بۆ خـــوا دەگەڕێنەوە.
٢٧	كَفُوراً	زۆر سپڵە و بیّ سفەت.
٢٨	قَوْلاً مَيْسُوراً	قسەیەكی نەرم و نیان.

ژ	وشــــە	مـانـاکـەی
٢٩	يَدَكَ مَغْلُولَةً	دەستت لە بەخشین مەگرەوە و، تەنگی مەکەوە.
٢٩	تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ	لە بەخشینیش زێدەڕەویی مەکە.
٢٩	مَلُوماً	بە لۆمەکراویی.
٢٩	مَحْسُوراً	پەشیمانیی.
٣٠	يَبْسُطُ	فراوانیی دەکات.
٣٠	وَيَقْدِرُ	تەنگیی دەکات و کەمیی دەکات.
٣١	خَشْيَةَ إِمْلاقٍ	لە ترسی هەژاریی.
٣١	خِطْئاً كَبِيراً	گوناهێکی گەورە.
٣٢	فَاحِشَةً	کارێکی زۆر قێزەون.
٣٢	وَسَاءَ سَبِيلاً	خراپترین ڕێگایە.
٣٣	سُلْطَاناً	دەسەڵاتێکی بە بەڵگە.
٣٤	يَبْلُغَ أَشُدَّهُ	بلوغی دەبێ.
٣٥	بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ	بە تەرازوی ڕاست و هاوسەنگ.
٣٥	وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً	باشترین عاقیبەتیشە.
٣٦	وَلا تَقْفُ	شوێن مەکەوە.
٣٧	مَرَحاً	شانازییەکی خۆ بە گەورە زانانە.
٣٩	مَدْحُوراً	دەرکراو و دوور لە هەموو چاکەیەك.
